Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی لە هزری رامیاریی لیبرالیی دا

**م.ی. جزا احمد فارس**

**زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، بەشی زانستە رامیارییەکان سلێمانی/ کوردستان- عێراق**

jaza.fars@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی بە بەردەوامی بابەتی گفتوگۆ و لێکدانەوەی توێژەران و بیرمەندان بووە، وەک دوو چەمکی گرنگ لە هزری رامیاریی لیبرالیی دا، کە سەرەتا وەک رێبازێکی هزری لە ئەوروپا سەریانهەڵداوە، لیبراڵیزم چەندین جۆری هەیە بە شێوەیەک هەریەکەیان چەندین لێکدانەوە و تێڕوانینی جیاوازیان لە بارەیەوە کراوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری چییەتیی ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی لە هزری رامیاریی لیبرالیی دا؟ هاوکات هەوڵی وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانەی داوە بە شرۆڤەکردنی ئازادی نەرێنیی و ئەرێنیی و بەراوردکردنیان، لەم سۆنگەیەوە چەمکی ئازادیی، کە فۆرم و دەرکەوتەی جیاوازی هەیە خراوەتەڕوو. لیبراڵیزمیش وەک رێبازێکی هزریی، کە بەبەردەوامی لە بەرەو پێشچوون و خۆنوێکردنەوەدا بووە شرۆڤەکراوە، لە چەندین رەهەند و دیدگای جیاوازەوە. کارێکی ئاسان نییە کارکردن لەسەر چەمکی ئازادیی لە هزری رامیاریی لیبرالییدا بەو پێیەی لە لایەکەوە دیدگا و تێڕوانینەکان زۆرن، لە لایەکی ترەوە بەراوردکاری نێوان چەمکی ئازادیی ئەرینی و نەرێنی پێویستی بە وردبوونەوە و هەڵوەستەکردنی قووڵ هەیە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە هەریەکە لە میتۆدەکانی مێژوویی، شیکاریی، وەسفیی و بەراوردکاریی بینیوە، لەم توێژینەوەدا گەشتووین بەو ئەنجامەی کە ئازادیی ئەرێنیی و ئازادیی نەرێنیی وەک دوو بایەتیی بایەخدار لە هزری رامیاریی لیبرالیی دا هەریەکەیان هاوتەریبە لەگەڵ جۆرێک لە جۆرەکانی لیبراڵیزم، ئازادیی نەرێنیی هاوتەریبە لەگەڵ لیبراڵیزمی کلاسیك، بەڵام ئازادیی ئەرێنیی هاوتەریبە لەگەڵ لیبراڵیزمی نوێ.

**کلیلە وشەکان: ئازادیی، لیبراڵیزم. ئازادیی ئەرێنیی، ئازادیی نەرێنیی**

Recieved: 3/9/2024
Accepted: 12/10/2024

## پێشەکیی

زۆرێکمان کاتێك چەمکی ئازدیی ئەبیستین وا تێئەگەین کە لێکدانەوەمان بۆی هەیە، بەڵام لە راستیدا ئەم چەمکە قووڵایی هەیە پێویستی بە هەڵوەستەکردن و وردبوونەوەی قووڵ هەیە بۆ تێگەیشتن لێی، ئازادیی بنەمایەکی بنەڕەتیی هزری رامیاریی لیبراڵییە ئەگەر هەموو بیرمەندە لیبراڵەکان لێکدانەوەیان بۆی نەبوبێت بێگومان زۆرینەیان گرنگییان پێداوە و لە نوسینەکانیاندا لەسەری هەڵوەستەیان کردووە، لیبرالیزم وەك ڕێبازێکی هزریی، کە یەکێکە لە بنەما بنەڕەتیەکانی ئازادییە ئەکرێت بنەما هزرییەکانی لە مێژوویی دێرزەمانی هەندێك لەگەلانیی کۆندا بدۆزینەوە، بەڵام وەك ڕێبازێك دەرکەوتەکانی ئەگەرێتەوە بۆ نوسینەکانی سەدەی حەڤدەهەم لە ئەوروپادا، ئەم ڕێبازە هزرییە بڕوای تەواوی بە ئازادیی ئابووریی و سیاسیی هەیە، ئازادیی ئابووریی بووە هۆکاری بەرەو پێشچوونی بازرگانیی و ئازادیی سیاسییش لە دەرئەنجامدا بووە هۆکاری کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی رەهای پاشاکان لە ئەوروپادا.

هەردوو چەمکی ئازادییی نەرێنیی و ئەرێنیی لە بەشێکی زۆری نوسینەکانی بیرمەندانی هزری رامیاریی ڕێبازی لیبرالیزم ئاماژەیان پێکراوە، ڕێبازی لیبراڵیزمی کلاسیکی هاوتەریبە لەگەڵ ئازادیی نەرێنیی و هەروەها ڕێبازی لیبراڵیزمی نوێ لەگەڵ ئازادیی ئەرێنیی.

بە پێی تێروانینی بیرمەندانی بواری ئازادیی نەرێنیی نابێت دەوڵەت دەست وەربداتە کاروباری ئابووریی و بازرگانیی و بازاڕەوە، لەبەرئەوەی هەر دەستێوەردانێکی دەوڵەت ئەبێت بە هۆی تێکچوونی بارودۆخی بازاڕ، لەنووسینەکانی (ئادەم سمس، فردریش فۆن هایک) ئەمە بە روونیی دەرئەکەوێت، بەڵام بەپێی بیرمەندانی بواری ئازادیی ئەرێنیی دەستێوەردانی دەوڵەت یان حکومەت بە شێوەیەکی سنووردار بە مەبەستی فەراهەمکردنی زۆرترین ئازادیی کارێکی پەسەند و رەوایە.

### گرنگی توێژینەوە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە کە شیکاری بۆ هەریەکە لە چەمکی ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی ئەکات لە هزری رامیاریی لیبراڵیدا کە بەشێکی بنەڕەتی مێژووی هزری رامیاریی لیبراڵیزمە، کە بریتیی بووە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەم دوو چەمکە، چونکە بنەڕەتی سەرەکیی دروستبوونی ڕێبازی لیبرالیزم بریتیە لە ئازادیی تاك. هەروەها ئەم توێژینەوەیە هەریەك لە چەمکی لیبراڵیزم وەك ڕێبازێکی هزری کاریگەر ناساندووە و شیکردنەوەشی بۆ چەمکی ئازادیی کردوە کە پەیوەستە بە ژیانی هەموو مرۆڤەکانەوە و لە دێرزەمانەوە بابەتێکی گرنگی کایەی زانستیی رامیاریی و بە تایبەت هزری رامیاریی بووە. هەروەها ئەم توێژینەوەیە ئەکرێت دەروازەیەك بێت بۆ خوێنەرانی کورد، کە ئارەزووی تێگەیشتن و شیکردنەوە بۆ چەمکی ئازادیی ئەرێنیی و نەرێنیی ئەکەن.

### گرفتی توێژینەوە:

گرفتی توێژینەوەکە خۆی ئەبینێتەوە لە کۆمەڵە پرسیارێك، کە لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵی وەڵامدانەوەی دراوە، پرسیارەکانیش ئەمانەن:

چەمکی لیبرالیزم چییە؟

چەمکی ئازادی چییە بە شێوەیەکی گشتیی؟

چەمکی ئازادیی نەرێنیی چییە لە هزری رامیاریی لیبراڵیی دا؟
چەمکی ئازادیی ئەرێنیی چییە لەهزری رامیاریی لیبراڵیی دا؟

## میتۆدی توێژینەوە:

بۆ جێبەجێکردنی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفیی و مێژوویی بەکارهێنراوە، بە مەبەستی خستنەڕوو و وەسفکردنی هەریەکە لە چەمکی لیبرالیزم و چەمکی ئازادیی، هەروەها سوودمان لە میتۆدی بەراوردکاریی و شیکاریش بینیوە بۆ خستنەڕووی هەر یەکە لە ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی لە دیدگا و رەهەندی جیاوازەوە وەك دوو چەمکی بنەڕەتیی توێژینەوەکەمان.

## گریمانەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە گریمانەیەکی سەرەکیی لەخۆ ئەگرێت، کە بە بەکارهێنانی میتۆدی توێژینەوەی زانستیی و بە سوود وەرگرتن لەسەرچاوەی ئەکادیمیی هەوڵی سەلماندنی دراوە، گریمانەکەش ئەوەیە «ئازادیی ئەرێنیی ونەرێنیی بابەتێکی بنەڕەتی هزریی رامیاریی لیبراڵییە کە زۆرێك لە بیرمەندان لە رەهەندی جیاجاوە خستوویانەتەڕوو».

## توێژینەوەکانی پێشوو:

لە میانەی گەڕانەکانی ئێمەدا گەشتیینە ئەو دەرئەنجامەی کە چەندین توێژینەوە هەیە کە لە هەندێک لە چەمکەکاندا نزیکە لەم توێژینەوەی ئێمەن، بەڵام توێژینەوەیەکەی ئێمە لەچەندین دیدگاوە جیاوازە لەوانە:
سەعید، ستەم کامیل،(٢٠١٦)، چەمکی ئازادی لای جۆنستیوارت میل لە کۆنتێکستی کۆمەڵگەی کوردیی دا، سلێمانی: ناوەندی میللەت بۆ توێژینەوە.
ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی کورتە، کە جەخت لەسەر ناسینی ئازادیی ئەکاتەوە لەلای جۆن ستیوارت میل، ئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە لەم توێژینەوە جیائەکاتەوە بریتییە لەوەی کە ئێمە بە شێوەیەکی فراوانتر چەمکی ئازادییمان ناساندووە لە دیدگای جیاوازەوە واتە تەنها دیدگای جۆن ستیوارت میل مان وەرنەگرتووە، ئەمە جگە لەوەی لە پاڵ چەمکی ئازادیی، چەمکی لیبراڵییەت و هەریەکە لە ئازادی ئەرێنیی و نەرێنییمان خستووەتەڕوو.
Heywood, Andrew, (٢٠٠٣), UK, Political Ideologies an Introduction, 3rd edition.
ئەندرو هیود لەم کارەیدا ئایدیۆلۆژیاکانی جیهانمان پێ ئەناسێنیت، کە لیبراڵیزم یەکێکە لە ئایدیۆلۆژییەکان، ئێمە سوودمان لەم کارەی هیود وەرگرتووە لە ناساندنی لیبراڵیزمی کلاسیکیی، ئەوەی کە کارەکەی ئێمە جیائەکاتەوە لەم کارە بریتییە لەوەی کە ئێمە لە ئایدیۆلۆژییەکان تەنها لیبراڵیزم مان مەبەستە بۆیە ئەم توێژینەوە کار لەسەر لیبراڵیزم ئەکات، لە ناو لیبراڵیزمیش کاری تەنها لە سەر چەمکی ئازادی ئەرێنیی و نەرێنیی کردووە.

## پەیکەری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دەرئەنجام و دوو باسی بنەڕەتی پێکهاتووە باسی یەکەمی توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی چوارچێوەی تیۆری چەمکەکان، کە دابەشمانکردووە بۆ دوو تەوەرەی سەرەکیی، تەوەرەی یەکەم بەناونیشانی چەمکی لیبراڵیزم، تەوەرەی دووەم بەناونیشانی چەمکی ئازادیی، باسی دووەمی توێژینەوەکەشمان بە

ناونیشانی چەمکی ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی، ئەم باسەشمان دابەشکردووە بۆ دوو باس، باسی یەکەم بەناونیشانی چەمکی ئازادیی نەرێنیی، باسی دووەم بە ناونیشانی چەمکی ئازادیی ئەرێنیی.

## باسی یەکەم :چوارچێوەی تیۆری چەمکەکان

لیبڕاڵیزم یەکێکە لە ڕێبازە هزرییەکان، کە بەرهەمی عەقڵی مرۆڤە ژیرەکانە، بنەمای سەرەکیی لیبڕالیزم ئازادییە، کە یەکێکە لەو چەمکانەی زۆرترین بیرمەندانی هزری رامیاریی لیبڕاڵیی گرنگییان پێداوە چونکە ئازادیی پەیوەندییەکی لێك جیانەکراوە و بنەڕەتی بە جەوهەری مرۆڤەوە هەیە. لیبڕالیزم وەك ڕێبازێکی هزری هەمیشە لە بەرەوپێشچوون و خۆنوێکردنەوەدا بووە بە پێی قۆناغەکانی بەرەو پێشچوونی ژیان و پێویستییەکانی مرۆڤ، هەروەها چەمکی ئازادییش بەردەوام لێکدانەوە زۆری لە دیدگای جیاوازە بۆ کراوە بەپێی بارودۆخ و ئەو قۆناغانەی کە ڕەورەوەی ژیانی مرۆڤایەتی پیایدا تێپەڕیوە، ئەم باسەی توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بۆ دوو تەوەرەی سەرەکیی لە تەوەرەی یەکەم ماندا چەمکی لیبڕاڵیزم مان خستووەتەڕوو و شرۆڤەمانکردووە، لە تەوەرەی دووەم دا چەمکی ئازادییمان خستووەتەڕوو شیکارمان بۆ کردووە.

## تەوەرەی یەکەم: چەمکی لیبڕالیزم

بنەمای بنەڕەتی لیبڕاڵیزم لەسەر (ئازادیی تاك)ە وشەی (Liberalism ) لە وشەی لاتینیی (Liber) هاتووە کە بە واتای (ئازادیی) دێت ئەکرێت بڵێن لیبڕاڵیی بە واتای (بانگکردن بۆ ئازادیی)، لەسەر ئەم بنەمایە توێژینەوە لە لیبڕاڵیزم واتە لێکۆلینەوە کردن لە ئازادیی (زرشناس، ٢٠١٧، ١١)

لیبڕاڵیزم چەمکێکی بیانییە لە زمانی ئینگلیزیی دا (Liberalism) بەکار دێت. هەروەها لە زمانی فەرەنسیی (Liberalisme) بەکاردێت، کە بە واتای (ئازادبوون) دێت، هەندێک ئەم چەمکە ئەگەڕێننەوە بۆ وشەی (Liberty) ئینگلیزیی و وشەی (Liberte) کە واتای (ئازادیی) دێت(بن عائش، ٢٠١٦، ٦٣٢)

بە هۆی ئەو لێکدانە جیاوازانە و بەرەوپێشچوونانەی، کە لە هزری رامیاریی لیبڕاڵیی دا ڕوویداوە فەرهەنگی عەرەبیی جیهانیی ئاماژە بەوە ئەکات «لیبڕاڵییەت چەمکێکی ناڕونە، لەبەرئەوەی واتا و پێداگیرییەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەپێی ساڵ و بەرەو پێشچوونەکانی»( السلمي، ٢٠٠٠، ٤)

لە سیاسەتدا سەرەتا دەستەواژەی لیبڕاڵیزم لەساڵی (١٨١٤) بۆ ئەندامە لیبڕاڵەکانی کورتیس (پەڕلەمانی ئیسپانیا) کە داوای حوکمی دەستووری و گێڕانەوەی ئازادییە عورفییەکانیان ئەکرد بەکارهاتووە، بە هەمان شێوەش لە ساڵی (١٨٣٠) لە فەڕەنسا لیبڕالەکان "un libéral" بۆ هەر کەسێك بەکارئەهات، کە دژی گێڕانەوەی سیستەمی کۆن بوو و لەگەڵ حکومەتی دەستووری هاوڕابوو (Freeman, ٢٠١٧,٤).

ئەکرێت ئاماژە بەوە بدەین «لیبڕاڵییەت پێکدێت لە کارلێکی تاکەکان لە کۆمەڵگادا لەسەر بنەمای کۆمەڵێك ماف کە وا ئەخوازێت کە مرۆڤ رێز لە ئازدیی و یەکسانی ئەوانی تر بگرێت»( Charvet and Nay, ٢٠٠٨, ٣)

پرۆفیسۆر جیفری فرانکل (Jeffrey Frankel) لە زانکۆی هارڤارد پێی وایە لە ئەورووپا لیبڕاڵیزم بەکارئەهێنرێت بە واتایەك، کە نزیکە لە واتای ئینگلیزیی کلاسیکیی سەدەی نۆزدەهەم بۆ ئەم چەمکە، کە بە واتای ئەوە دێت تاکەکان ئازادن لە هەڵبژاردنی بژاردەکانیان بە بێ بوونی زۆر لێکردن لێیان لە ڕێگەی ئەو دامەزراوە بە هێزانەی کە هەن جا (پاشایەتیی، دەرەبەگایەتیی، دیکتاتۆریی، ئەرستۆکراتیی یان ئۆلیگارشیی)بێت، لیبڕاڵیزم بە واتای ئازادیی

تاك بۆ گەڕان بەدوای بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی و ئازادیی بڕیاردان لەوەی کە لە کوێ ئەیەوێت بژی و بۆ کێ کاربکات و چیی بکات و چی بەکار بهێنێت.(Frankel, ٢٠١٥, ١).

لیبراڵیزم لە ئەوروپای رۆژئاوا لە دایك بووە لە سەدەی هەژدە لە بزوتنەوەی رۆشنگەرییەوە سەرچاوەی گرتووە، گەشەکردنی رۆشنگەری، کە دەرئەنجامی نووسینی کتێب و لێکۆلینەوەی بیریاران و بەرەوپێشچوونی ئەدەب بووە، بە تایبەت لە فەرەنسا ئەندامانی بزوتنەوەی رۆشنگەری بروایان بە مەبەدەئی عەقڵانیی و بەرەوپێشچوون و ئازادیی تاکڕەویی و لێبوردەیی ئاینیی و کۆمەلایەتیی هەبوو، بزوتنەوەیی رۆشنگەریی داوای جیاکردنەوەیی لە نێوان کڵێسە و دەوڵەت ئەکرد، کە هەموو ئەمانە لەرووداوەستانەوەیەک بوو بۆ دەسەڵاتی رەهای پادشایەتی و کڵێسای کاسۆلیکی، کە چەندین سەدە بوو جڵەوی تەواوی ئەوروپایان کردبوو، لێرەوە رۆژئاوا ئەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو شۆڕشە زانستییەی کە لە سەدەکانی (١٦-١٧) دا لە ئەوروپا سەرهەڵئەدەن لەوانە تیۆرەکانی (نیکۆلاس کۆپەرنیکۆس،گالیلۆ گالیلی و ئیحساق نیوتن) هەروەها فەیلەسووفە ئینگلیزیی و هۆڵەندییەکان (بی کۆن، جۆن لۆك، باروخ سپینزا و رینیە دیکارت)، هزرەکانی ( جان جاك رۆسۆ، فرانسوا ڤۆلتیر) لە فەرەنسا، (دەیڤد هیوم، ئادەم سمس) لە ئینگلترا، (دنیس دیدرۆ، شارل مۆنتسکیۆ) لە فەڕەنسا، (ئیمانیۆل کانت) لە ئەڵمانیا (Frankel, ٢٠١٥, ١)

لەرووی مێژووییەوە لیبراڵیزم سەرەتا درێژکردنەوەیەك بوو لە بەرامبەر باڵادەستی ئایین دواتر لە بەرامبەر باڵادەستی سیاسیی دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان دا، دژایەتیکردنی کڵێسە بووە هۆی ئاوێتەکردنی لیبراڵیزم و بزووتنەوەی نەتەوەیی، بەڵام لیبراڵیزم هاوکات دژی ستەمکاریی دەسەڵاتدارە مۆدێرنیست و ناسیۆنالیستەکان بوو، گرنگترین خواست و ویستی لیبراڵەکان لە هەمبەر دەسەڵاتدارە ستەمکارەکاندا سنووردارکردنی دەسەڵات بوو لە چوارچێوەی یاسادا، کە زۆرترین کات لە رێگەی شۆڕشەکانەوە بەدەست هاتووە لە بەڵگەنامە گرنگەکان وەك میساقی یاسای شۆرشی مەزنی (١٦٨٨) لە بەریتانیا راگەیەندراوی سەربەخۆی (١٧٧٦) ئەمریکا، جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و هاوڵاتیی لە ئەنجوومەنی شۆرشگێری فەرەنسا لە ساڵی (١٧٨٩) رەنگیدایەوە(بەشیرییە، ٢٠١٢، ١٥).

هەرچەندە دیدگا و تێڕوانینی جیاواز هەیە دەربارەی چەمکی (لیبراڵیزم) بەلام هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئازادیی تاک خاڵی بنەرەتیی و جەوهەری لیبراڵیزمە، سەرەڕای ئەوەی کە دەربارەی ئەم ئازادییەش بیریاران لەگەڵ یەکتریدا کۆک نین.

لێرەدا پێمان باشە، کە بە شێوەیەکی کورت و پوخت ئاماژەیەك بە لیبراڵیزمی کلاسیك و نوێ بدەین ،لەبەرئەوەی توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی ئەم دوو جۆرەی لیبراڵیزمەدایە:

## یەکەم:لیبراڵیزمی کلاسیك

لیبراڵیزم وەك ئایدیایەك لە ئەوروپا دەست بە گەشەکردن ئەکات پاش هەرەسهێنانی سیستەمی فیوداڵیزم و تێکشکاندنی دەرەبەگایەتیی و دەرکەوتنی چینی ناوەند کە بەکاری بازرگانییەوە خەریك بوون و، هەروەها ئامانجەکانیان لەگەڵ ئایدیای لیبراڵیزم یەکی ئەگرتەوە، کە بەرژەوەندیەکانیان ناکۆك بوو لەگەڵ دەسەڵاتی رەها(Heywood, ٢٠٠٣, ٢٠)

لایەنگرانی لیبرالیزمی کلاسیکی بە تایبەت لە بەریتانیا لایەنگیری ئەوە بوون ،کە ئازادییەکانی تاك لەبوارەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی زیاد بکرێت، واتە گریمانەکەیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی تاك بوو

ئـەم رەوتـە بڕوایـان بـەوە هەبـوو کـە ئازادیـی بنەمایـەکی گرنگـی پێشـکەوتنە و ئەبێـت دەسـەڵات دەسـت وەرنەداتـە کاروبارەکانیانـەوە کـە ئەمـەش بـە شـێوەیک لـە شـێوەکان هاوشـێوەی دیـدگای ئایدیالیزمـە(Butler, ٢٠١٥, ٥)

لەپاڵ ئـەوەی کـە بیریـارانی لیبراڵیزمـی کلاسـیکی هەندێـك دیـدگای جیاوازیـان هەیـە، بـەڵام لەسـەر ئـەو بنەمایـە کۆکـن، کـە مەبەسـتی سـەرەکیی دەوڵـەت بریتییـە لـە پاراسـتنی مافەکانیـان کـە ئەبێـت تاکـەکان پارێـزگاری لـە ئازادیـی خۆیـان بکـەن دژی دەسـتوەردان یـان هەوڵـدان دەوڵـەت یـان دەسـەڵات لەکاروبارەکانیـان((Butler, ٢٠١٥, ٩٠ ئـەم دیدگایـە هۆکارێـك بـوو بـۆ دروستبوونی چەمکی دەوڵەتـی پاسـەوان.

## دووەم:لیبراڵیزمی نوێ

لیبرالیزمـی نـوێ بنەڕەتەکـەی لـە رووی تیۆرییـەوە ئەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم (یـان هەندێـك بـۆ کۆتاییـەکانی سـەدەی نـۆزدەی ئەگێڕنـەوە). بـەڵام دەرکەوتـەکانی بـە شـێوەیەکی حەقیقـی ئەگەڕێتـەوە بـۆ نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەم، لـە کۆتـای حەفتاکانـدا وەك ئایدۆلۆژیایـەکی زاڵ لـە هـزری رامیاریـی رۆژئـاوادا دەرکـەوت و ئێسـتا تیـۆری پێشـەنگی فەرمانڕەواییکردنـە لـە جیهاندا(زرشـناس، ٢٠١٧، ١٣)

لیبراڵـەکان پابەنـدی بونیاتنـان و پاراسـتنی کۆمەڵـگای ئـازاد و دادپـەروەر و کـراوەن ئـەو کۆمەڵگایانـە بریتیـن لەوانـەی، کـە لیبراڵـەکان لـە رێگایانـەوە هـەوڵ ئـەدەن بـۆ گەیشـتن بـە هاوسـەنگی لـە نێـوان بەهـا بنەڕەتییـەکان، کـە خـۆی لـە ئازادیـی و یەکسـانی و پەیوەنـدی بەردەوامـی نێـوان تاکـەکانی کۆمەڵـگادا بەرجەسـتە ئەکات(رۆبێرتـس و ئیـدواردس، ١٩٩٩، ٢٤٤-٢٤٥)

لیبراڵیزمـی نـوێ تێڕوانینـی وا بـوو لـە مومارەسـەکردنی سیاسـەت و ئابووریـی دا، باشـتر وایـە کۆتـەکانی سـەر ئازادیـی و کارامەییـەکانی تـاك لابرێـن لـە چوارچێـوی دامـەزراوە گشـتییەکاندا کـە هەڵئەسـن بـە پارێزگاریکـردنی مـافی موڵکایەتیـی و هەروەهـا فەراهەمکـردنی (ئازادیـی بازرگانیـی، ئابووریـی ،بـازاڕ) دەوڵـەت ئـەرکی لـە پـاڵ بەرگرییـدا ئەبێـت ئاسایش فەرهـەم بـکات لەسـەرجەم بوارەکاندا.(هـارفی، ٢٠٠٨، ١٣).

لـە پـاش باسـکردن و خسـتنەڕووی چەمـکی لیبراڵیـزم لـە چەندیـن دیـدگا و رەهەنـدی جیـاوازەوە بەپێـی دیـدگای ئـەو بیرمەندانـەی کـە ئاماژەمـان پێـدا ئەگەینـە ئـەو دەرئەنجامـەی، کـە لیبراڵیـزم لـە روانگـەی سیاسـییەوە لەگـەڵ دەسـتوەرنەدانی دەوڵەتـە لـە ژیـانی گشـتیی تـا ئـەو ئاسـتەی ئەتوانرێـت، بەپێـی لیبراڵیـزم داوا ئەکرێـت، کـە سیسـتەم لەسـەر بنەمـای دیموکراتیـی و پەرلەمـان حکومـەتی هەڵبژێـراو دیـاری بکرێـت لەلایـەن خەڵکـەوە، هەروەهـا جیاکرنـەوەی نێـوان دەسـەڵاتەکان لـە دەولەتـدا لەسـەر بنەمـای سـەروەریی یاسـا فەرمانڕەوای بکرێـت، لەکاتێکدایـە لـەڕووی هزرییـەوە لیبراڵییـەت رۆحـی لێبوردەیـی و بەرژەوەنـدی نێـوان تاکـەکان و بڕوابـوون بـە تـاك و تاکگەرایـی و بنەمـای پەیوەندیکـردنی مرۆڤـەکان بـە کۆمەڵگاکانیانـەوە ئەخاتـەڕوو، لـە بـواری ئابوورییشـەوە لیبراڵـی ئابووریـی تەرکیـز ئەخاتـە سـەر دوو بنـەڕەت ئەوانیـش سـامان و موڵکیـەت (خاوەندارێتـی) کـە نابێـت لـە لایـەن دەوڵەتـەوە ئاراسـتە بکرێت(عثـمان، ٢٠١٣، ١٣)

بـە شـێوەیەکی کـورت ئەکرێـت ئامـاژە بـەوە بدەیـن، کـە «لیبراڵیـزم واتـای بەرەوپێشـبردنی ئازادیـی بـە جۆرێـك کـە لـە پێـش هەمـوو بەهـاکانی تـرەوە بێـت و لەهـەر کات و سـاتێکدا و لـە هەربوارێکدا(محەمـەدی، ١٩٩٨، ١٠٨).

لیبراڵیـزم وەك رێبازێـکی هـزری رۆڵـی کاریگەریـی هەبـووە لـە ئازادکـردن و بەرەوپێشـچوونی مـرۆڤ بـەو پێیـەی بنەمـای سـەرەکیی ئـەم رێبـازە بریتییـە لـە ئازادیـی لەسـەرجەم رەهەندەکانـەوە، ئەمـەش یارمەتیـدەر بـووە بـۆ کۆتایهێنـان بـە

فەرمانڕەوای رەها و هەروەها ئازادیی ئابووریش بووەتە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنان و بەرەو پێشچوونی بازرگانیی.

## باسی دووەم:چەمکی ئازادیی

بەپێی فەرهەنگی (GOVERNMENT DICTIONARY OF POLITICS AND) ئازادیی بە واتای دۆخی ئازادبوون یان رانەگیران لە زیندان و کۆیلەنەکردن دێت و بە واتایەکی تر واتە کردنی شتێک بە بێ دانانی سنوور بۆی(Collin, ٢٠٠٤, ١٠٠) ئەمە لە کاتێکدایە بە پێی فەرهەنگی سیاسیی ئارەش «ئەم زاراوەیە هاوتای لیبرتەی (Liberte) فەرەنسییە و سەرچاوە لاتینیەکەی (Libertas) کە بە واتای نەبوونی کۆت و بەند و زۆرەملێ دێت، هەروەها ئازادیی رەوش و هەل و مەرجێکە، کە مرۆڤ لەو رەوشەدا، هەست بە قورسایی دەسەڵات ناکات، هییچ دەسەڵاتێك ناتوانێت بەربەست لە بەردەم جموجۆڵی خودیی و سرووشتی مرۆڤەکاندا دابنێت»( حمەمەدی و حاجی زادە، ٢٠٠٦، ٣٦ ).

لێرەدا باشتر وایە زیاتر لە رەگە زمانەوانییەکەی (ئازادیی) بدوێین بەر لە پێناسەکردنی، لە زمانی ئینگلیزیی دا هەردوو وشەی (Liberty-Freedom)ی بۆ بەکارئەهێنرێت، کە هەریەك لەم وشانە هاو واتا و هاومانایە بۆ وشەکەی تر، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان بە واتای (ئازادیی) دێت، کە ئاماژەن بۆ نەبوونی زۆرکردن و زۆرداریی لە هەڵبژاردن و بڕیاردان(حنفی، ٢٠٠٩، ٧).

لە زمانی کوردییشدا بۆ چەمکی (ئازادیی) لە «فەرهەنگی کوردستان» دا بە واتای «سەربەستیی و سەربەخۆیی و لە ژێر دەستی دوژمنان و رزگارهاتن دێت»( موکریانی، ١٩٩٩، ٦) لە راستییدا لە زمانی کوردیی دا، ئەم چەمکە بەستراوەتەوە بە چەمکی رزگارییەوە ئەمەش بە خوێندنەوەی ئێمە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە کورد میلەتێکی ژێردەستە بووە لەزۆربەی قۆناغە مێژووییەکاندا لەسەر ئەم بنەمایەش لە رووی زمانەوانییەوە لەزمانی کوردیی دا، واتاکەی لە بنەڕەتیی ئەم وشەیە دوور ئەکەوێتەوە بە بەراورد بە واتا رۆژئاواییەکەی.

زۆربەمان پێمان وایە (ئازادیی) لە رۆح و هەناسە و هزرماندایە بۆیە هەمیشە وەك بەشێکی دانەبڕاو لەخۆمان ئەیبینین، بەڵام ناشتوانین بە دیاریکراویی بڵێین ئازادیی چییە؟ جگە لەوکاتەی کە لێمان زەوت ئەکرێت، ئیتر ئەو کاتە ئێمەش لێی تێئەگەین، هەڵوێست ئەنوێنین، بەڵام ئازادیی پەرچەکردارێك لەوەی کە لێمان ئەبرێت و هەوڵی گەڕانەوەی ئەدەین نییە، بەڵکو ئەوە سەربەخۆییە، ئازادیی واتە من ناچار نەبم بەکردەیەکی ئەرێنیی یان نەرێنیی، ئەگەر ئازادییم زەوت کرا من بەرگریم کرد ئەوە ناچارییە نەك ئازادیی.

لێرەوە ئازادیی راستەقینە زەوت ناکرێ، نابرێ و لێ ناسێرێت، ئەگەر هەموو دنیاش کۆت و بەند و جەندرمە و پۆلیسی بیروباوەڕ بێت. ئازادیی هۆشمەندییەك، ئاگاییەکی ئۆنتۆلۆجیی و رۆحییە وەك دەریایەکە کە کێوێکی بەرز و سەخت دای ئەپۆشێت یان کڵپەی ئاگرێکی نەگریس ئەکوژێنێتەوە(جەمال، ٢٠٢٤).سرووشتی مرۆڤ سەرچاوەی ئازادییە، ئەمەش وا ئەکات لە ناخی هەر مرۆڤێکدا ئازادیی بوێت(Bush Institute ٢٠٢٣,)

ئازادیی یەکێکە لەو چەمکانەی، کە لێکدانەوە و پێناسەی زۆر جیاوازی بۆ کراوە، لەبەرئەوە پێناسەکردنی ئەم چەمکە لە هەریەکە لە رەهەندەکانی (فەلسەفیی، سایکۆلۆژیی، کۆمەلایەتیی و سیاسیی) تێگەیشتنی جیاواز هەیە بۆی، د.کامەران مەنتیك پێی وایە کە بە شێوەیەکی گشتی ئەکرێت دوو جۆر لە ئازادیی دیاری بکەین (ئازادیی جێبەجێکردن، ئازادیی هەڵبژاردن) مەبەست لە ئازادیی جێبەجێکردن هەبوونی توانای کردنی یاخود نەکردنی کارێکە، بەبێ ئەوەی ملکەچ بۆ هییچ فشارێکی دەرەکیی بکرێت، واتە بەبێ ئەوەی بکەوێتە ژێر

کاریگەریی هێزێکی دەرەکییەوە. لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی ئازادییەکی سرووشتیی (فیزیکیی) ئەبینەوە، کە دەستەواژەیە بۆ سەربەخۆبوون، ئەمەش ئەو واتایەیە، کە یاسا بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ ئازادیی دائەنێت، کەواتە ئازادیی بەم واتایە بریتییە لە هەبوونی توانایەك، لەگەڵ نەمانی هیچ بەزۆر پێکردنێکی دەرەکیی، هەرچی ئازادیی هەڵبژاردن، واتە هەبوونی توانای کردنی کارێکە بەبێ ئەوەی ملکەچ بۆ کاریگەری هێزی ناوخۆ بکرێت(مەنتیك، ٢٠٠٥، ٢٥).

لەپاڵ ئەوەی، کە هەمیشە جۆرێك لە دژیەکی لە نێوان دەسەڵات و ئازادییدا هەبووە، بەو پێیەی ئامانجی هەندێك لە دەسەڵات کەمکردنەوە و کۆنترۆلکردنی ئازادییە هەروەها ئازادیش دژی دەسەڵاتە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەرگومێنتێکی ترمان هەیە کاری لەسەر ئاشتکردنەوەی چەمکی دەسەڵات و ئازادیی کردووە جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە، کە ئازادیی بریتییە لە کۆتایهێنان و نەهێشتنی دەسەڵات هەروەها دەسەڵات ئامانجی نییە کە کۆتای بە ئازادیی بیەنێت(Dai, ٢٠٠٩, ٤).

لەبەرئەوەی توێژینەوەکەمان لە چوارچێوە و ڕەهەندی هزری ڕامیارییدایە پێمان باشە لەسەر چەمکی ئازادیی لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بوەستین و شیی بکەینەوە، هەرچەندە لە چەندین دیگا و ڕەهەندی جیاوازەوە ئەم چەمکە خراوەتەڕوو، باروخ سپینۆزا یەکێکە لەو بیرمەندانەی، کە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە پێناسەی چەمکی ئازادیی کردووە، پێی وایە شتێك کە ئازاد بێت بەپێی پێویستی سروشتی ڕەفتار ئەکات، هەروەها ناشیرین ئەبێت کە شتێکی تر هەڵیسوڕێنێت و بەگوێرەی یاسایەکی دیاریکراو ڕەفتار بکات(زەکەریا، ٢٠٠٧،١٤٠-١٤٦).

ئازادیی لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بریتییە لە توانای هەڵبژاردن لەنێوان کۆمەڵێك شتدا یان کۆمەڵێك چارەسەردا یان گریمانە و ئەگەردا، کە هەندێك وای ئەبینن کە ناتوانین تەماشای مرۆڤ بکەین وەك مرۆڤێك بە بێ ئازادیی و ناشتوانین لێی جیابکەینەوە، ئازادیی بوونی مرۆڤە (مرۆڤە واتە ئازادیی) کە ئەم بوونە ناتوانین دیاری بکەین(الجاسر، ٢٠٠٤، ١٦٧).

ئێریك فۆرنەر (Eric Foner) لەشیکردنەوەی بۆ مێژووی بەکارهێنانی وشەی ئازادیی ئاماژە بە پێنج توخم ئەکات(Chanley, ٢٠١٥ ):.

١- ئازادیی سیاسیی : بە واتای مافی بەشداریکردنی خەڵك لە کاروباری گشتیی دێت.

٢- ئازادیی مەدەنیی: ئەو مافەیە کە تاکەکان دەتوانن دژ بە دەسەڵات بی چەسپێنن.

٣- نموونەی مەسیحیی: مەبەست لەمە بریتییە لە توانای کردنی کارەکان بەپێی ستانداردە ئەخلاقییەکان.

٤- ئازادیی کەسیی: واتە تاکەکان بە شێوەیەکی ئازادانە بژاردەکان هەڵدەبژێرن بەبێ بوونی هیچ زۆرلێکردنێك.

٥- ئازادیی ئابووریی: زۆر واتای هەیە، بە واتای ئابووریی ئازاد و ئازادیی ئابووریی، ئازادیی لە بەستنی گرێبەست و ئازادیی لە بواری پیشەسازیی.

هەروەها سەبارەت بە ئازادیی (جۆن ستیوارت میل) پێی وایە«ئەبێت مرۆڤ ئازاد بێت لە درووستکردنی ڕاوبۆچوونەکانیدا و گوزارشت کردن لێیان بە بێ خۆپارێزیی (میل، ٢٠٠٨، ٢٧١) .

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا ئازادیی فۆرم و دەرکەوتەی زۆری هەیە، لەوانە: ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و بڵاوکردنەوە، ئازادیی خاوەندارێتیی و مامەڵەپێکردن، ئازادیی کار و بازرگانیی و بازاردارایی، ئازادیی کۆبوونەوە و حیزبایەتیی و ڕێکخستن و کاری سەندیکا و ئازادیی ژن و بیروباوەڕی ئاینیی و دونیای و ڕێگەدان بە سرووتەکان، ئەبێت هەموو ئەو ئازادییانەش بۆ هەمووان دەستەبەر بکرێت، چونکە کۆمەڵێك مافی تەواوکاری یەکترن و نابێت جیابکرێنەوە، بەڵام هیچ کام لەم ئازادییانە لە هیچ کۆمەڵگایەکدا ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕەها نەبووە و نابێت، بەڵکو ئەبێت ڕێکخەرێك لە دامەزراندن و کارپێکردنیدا هەبێت. مافی

تاكەكان دەستەبەربكات، لە بەرقەراركردنی ئەو ئازادییە و رێكخستنی پەیوەندییەكانیان بەپێی جۆرێك بنەمای ئەو رێكخستنە یەكرێزی كۆمەڵایەتیی و سیاسیی بێت لە چوارچێوەی دەوڵەت و نیشتیماندا تا دابەش نەبوون و بە دوژمن نەبوونی كۆمەڵگا و گرووپەكان زامن بكات، لەو چوارچێوەشدا ئەم ئازادییانە بە بوونی دەستورێكی دیموكراسی و چەسپاندنی پێوەرەكانی دامەزراوەی و سەروەریی یاسا و رێزگرتن لە مافەكانی مرۆڤ و بەهێزكردنی جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان(حەسەن، ٢٠١٢، ١٥).

لێرەدا ئەكرێت ئاماژە بەوە بدەین كە ئازادیی مافێكی بنچینەییە لە مافەكانی مرۆڤ و ئەبێت سیستەمە سیاسییەكان هەر لە ستەمكاریی و دادپەروەرییەوە تا ئەگاتە سیستەمی كۆماریی و دیموكراسییە هاوچەرخەكان پەرۆشی چەسپاندنی ئەو مافە بن و ئەوەش گرنگترین بنەمایە لە بنەما دەستورییەكانی تیۆری سیاسیی هاوچەرخ، هەروەها ئازادیی بنچینەیەكی گرنگیشە بۆ پەیمانی كۆمەڵایەتیی. ئازادیی تاك (هاوڵاتیی) لەم سەردەمەدا یەكێكە لە هاندەرەكانی بەشداریكردنی كارایانەی تاك لە كردەی گەشەسەندن و یەكێكیشە لە گرنگترین ئاماژەكانی تواناداریی بۆ پرۆسەی گەشەسەندن (حەسەن، ٢٠١٢، ١٣).

بەرجەستەترین و دیارترین بەها و ئامانجی لیبراڵیزم ئازادییە، ئەگەر لەسەر بنەمای بەرەوپێشچوونی لیبراڵیزم چەمكی ئازادیی بخەینەڕوو، ئەكرێت ئاماژە بەوە بدەین كە لیبراڵیزمی كلاسیك هاوتەریبە لەگەڵ چەمكی (ئازادیی نەرێنیی) و لیبراڵیزمی نوێش لەگەڵ چەمكی (ئازادیی ئەرێنیی) (پۆلادی، ٢٠٠٧، ١٠٣-١٠٤).

ئازادیی وەك چەمكێكی گرنگی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەكان لە زۆرێك لە زانستەكاندا بەكارهاتووە و لێكدانەوەی جیاوازی بۆ كراووە، ئەم چەمكە بەشێكی بنەڕەتی فەلسەفە پێك ئەهێنێت و لە هزری رامیاریی لیبراڵیی دا دیالەكتیكێكی بەردەوام و لێكدانەوەی جیاوازی لەسەرجەم قۆناغەكاندا بۆ كراوە، ئەوەی گرنگە بەلای ئێمەوە لە هزری رامیاریی لیبراڵییدا بریتییە لە چەمكی ئازادیی ئەرێنیی و نەرێنیی كە دوو چەمكی بنەڕەتیی و گرنگن لە رێبازی لیبراڵیزمدا.

## بەشی دووەم:چەمكی ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی

ئازادیی بنەمایەكی سەرەكیی هزری رامیاریی لیبراڵییە، ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی ١* ماوەی چەندین سەدە بەشێكی دانەبڕوا و بووە لە دیالەكتیكی نێوان بیرمەندانی ئەم رێبازە، بە شێوەیەكی گشتیی ئەكرێت ئاماژە بەوە بدەین كە لیبراڵیزمی كلاسیكیی لەگەڵ چەمكی (ئازادیی نەرێنیی)دایە هەروەها لیبراڵیزمی نوێش هاوئاراستەیە لەگەڵ چەمكی (ئازادیی ئەرێنیی(.

ئەم بەشەی توێژینەوەكەمان تەرخانكردووە بۆ ناساندن و شیكردنەوەی چەمكی (ئازادیی نەرێنیی) و (ئازادیی ئەرێنیی)، باسی یەكەم مان بە ناونیشانی چەمكی (ئازادیی نەرێنیی) لەپاڵ خستنەڕووی دیدگای (ئایزایا بێرلین) هەر لەم باسەدا دیدگای هەریەكە لە (ئادەم سمس و فردریك فۆنهایك)مان وەرگرتووە، لە باسی دووەم دا كە بە ناونیشانی (ئازادیی ئەرێنیی) لەپاڵ باسكردن و ناساندنی ئەم چەمكە لە روانگەی (ئایزایا بێرلین) دیدگای هەریەكە لە (جۆن ستیوارت میل و تۆماس هیڵ گرین)مان خستووەتەڕوو.

١ * زۆر بیرمەندمی هزری رامیاریی لیبراڵیمان هەیە كە بە روونیی ئاماژەیان بە هەر یەكە لە چەمكی (ئازادیی نەرێنیی) و (ئازادیی ئەرێنیی) كردوە، یەكێك لەو بیرمەندانە بنیامن كۆنستانە ئەم دوو چەمكە وەك ئازادیی رابروو و ئازادیی نوێ ناودەبات لەدوای ئەمیش ئایزایا بێرلین بە روونیی ئەم دوو چەمكە شیدەكاتەوە كە لەم بەشەدا گرنگی تایبەتمان بە هزرەكانی دراوە، بۆ زیاتر خوێندنەوە دەربارەی بنامن كۆنستان بگەرێرەوە بۆ: سیانی، ئێستێڤانۆ پترۆ، وەرگێرانی:فەرەجی، ئەردەڵان (٢٠٠٤)، سێ چەمك دەربارەی ئازادیی (لیبراڵن دیموكراتیك، سۆسیالستیی)، سلێمانی گۆڤاری نوێبوون، ژمارە(٩).

## باسی یەکەم:چەمکی ئازادیی نەرێنیی

(ئایزایا بێرلین) ئازادیی نەرێنیی ئەبەستێتەوە بە قوتابخانەی کۆنی لیبراڵیزم، بە شێوەیەك، کە لەسەدەی حەڤدە تا بەرایی سەدەی نۆزدەیەم لە بەریتانیا و فەڕەنسا دەرکەوت(بێرلین، ٢٠١٦، ٢٨) ئازادیی نەرێنیی بە واتای بوارێك لە کارکردن و چالاکی تاك کە دەسەڵاتداران و یاساش مافی ئەوەیان نییە رێی لێ بگرن لەو کارەی کە خۆی حەزی لێیەتی بیکات یان ناچاری بکەن بە کردنی کارێك کە خۆی پێی خۆش نییە بیکات. بەگوێرەی دیدگای زاڵ لە نەریتی لیبڕاڵیی دا (ئازادیی) و (دەسەڵات) دوو چەمکی دژ بەیەکن و هەریەك سەروکاری بە بوارێکی جیا لەوەی تروە هەیە، لەبەرئەوە لەگەڵ یەکدا ناکۆکن. لەو دیدگایەدا و لەمەڕ پەیوەندیی دوو تاکدا، زیادبوونی دەسەڵاتی هەریەکێکیان بە مانای کەمکردنەوە و داشکاندنی ئازادیی (ئازادیی نەرێنیی) ئەویتریان دێت، بە پێچەوانەشەوە تا یەکێکیان ئازادیی خۆی زیاتر پەرەپێ بدات و فراوانتری بکات ئەوە دەسەڵاتی ئەوەکەی دیکە بەرتەسك و کەمتر ئەبێتەوە(بۆبیۆ، ٢٠١١، ٢٦).

بەرلەوەی کە تێڕوانینی هەریەکە لە (ئادەم سمس) و (فریدریك فۆنهایك) سەبارەت بە چەمکی ئازادیی نەرێنیی بخەینەڕوو پێمان باشە ئاماژە بەوە بدەین، کە ئایزایا بێرلین لەگەڵ ئازادیی نەرێنیی هاوڕابووە و پشتگیریی ئەکات، چونکە پێی وایە کە ئازادیی ئەرێنیی سەرئەکێشێت بۆ تۆتالیتاریزم و فاشیزم(محەمەد، ٢٠٢١، ٢٥٠).

لێرەدا پێمان باشە تێڕوانینی ئادەم سمس وەربگرین سەبارەت بە رۆڵی حکومەت کە یەکێکە لە دیارترین بیرمەندانی بواری (ئازادیی نەرێنیی) یان باشترە بڵێین لیبراڵیزمی کلاسیك، سمس لە باسکردنی رۆڵی حکومەت لە دەستخستنهناو کاروبارەکانی تاك ئاماژە بەوە ئەدات» لەگەڵ سنووردارکردنی دەستێوەردانی حکومەتە لەکاروباری بازاڕدا لەبەرئەوەی، تاکەکان خۆیان کاروبار و ئامانج و ئارەزوەکانیان باشتر لە هەرکەسێکی تر یان حکومەت ئەزانن، سمس داوا ئەکات تاکەکان ئەبێت ئازاد و بەرپرسیاریەتییان هەبێت کە بڕیار بدەن چۆن مامەڵەکانیان بکەن و کاڵاکانیان بە کێ بفرۆشن»( Otteson, ٢٠١٨, ٦٥).

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، کە بنەمای هزری ئابووریی ئادەم سمس و بیریارانی لیبڕالیزمی کلاسیك سەبارەت بە ئەرك و رۆڵی دەوڵەت لەم (٣) خاڵە تێ ناپەڕێت:

١- پاراستنی هەر تاکێکە لە ناو کۆمەڵگادا لەتاکەکانی تر یان هەر گروپێك کە بیەوێت هێرش بکاتە سەری، لێرەدا دەوڵەت دەستوەردان ئەکات بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریی( Otteson, ٢٠١٨, ٦٥).

٢- پاراستنی دەوڵەت لە هەر دەستدرێژییەکی دەرەکیی و بەرگرییکردن لێی(وزنە، ٢٠٢٠، ٦٢).

٣- پێویستە دەوڵەت گەشە بە کاڵا گشتییەکان بدات و دامەزراوە و پرۆژە گشتییەکان بونیات بنێت و پارێزگاریشیان لێ بکات، چونکە کەرتی تایبەت توانای گرتنەئەستۆی تێچوونی زۆری ئەو پرۆژانەی نییە(عەلی، ٢٠٢٠، ٨٩).

هەروەها لە دوو حاڵەتدا لیبراڵیی کلاسیکی ئابووریی لایان ئاساییە دەوڵەت دەست لە ئابووریی وەربدات ئەو دوو حاڵەتە بۆ کەمکردنەوەی هاوردە و هاندانی هەناردەکردنە کە ئەمانەن(عەلی، ٢٠٢٠، ٨٩):

ا- هەندێك پیشەسازیی تایبەتیی هەن، بۆ ئاسایشی دەوڵەت گرنگن(پیشەسازیی چەك) لەبەر بەرژەوەندی باڵای ئابووریی دەبێ رێگیری لە هەناردەکردنیان بکرێت.

ب- بەرژەوەندی ئابووریی نیشتمانی ئەخوازێت رەسمی گومرگی بەسەر هاوردەی دەوڵەتانی تردا بسەپێنرێت، کاتێك دەوڵەتانی تر بەسەر هەناردەی ئێمەدا ئەیسەپێنن، ئەمە بە مانای هاندانی قۆرخکاریی بازاڕی ناوخۆیی نییە، بەڵکو بۆ هاوتاکردنی توانای پیشەسازیی ناوخۆیی و بیانییە.

بە شێوەیەکی گشتیی سمس بڕوای بە سیاسەتی بازرگانی ئازاد هەبوو، بڕواشی وابوو کە ئەبێت سیاسەتی دەستێوەردانی حکومەت لە بابەتی ئابوورییدا دابەزێت بۆ نزمترین پلە، سوودی تاکەکەسی ڕێنومایی مرۆڤ ئەکات، ئەگەر ڕێگەی بەن ئازادبێت بۆ ئەوەی بە دوای سوودی خۆیدا بگەڕێت ئەوە بۆ کۆمەڵگاش زۆرترین سوودی ئەبێت، بەپێی ئەم بیردۆزە مرۆڤ لە چالاکییەکانی خۆی مەبەستی کردنی کارێکی بێبەرامبەری نییە بۆ هاوڕەنگەکانی خۆی، بەڵام لە سیستەمی ئابووریی جۆرێك هاوئاهەنگی سرووشتیی هەیە، بەڵام وەك ئەوەی دەستێکی شاراوە ڕێنمایی بکات. هاتنەناوەوەی حکومەت تاڕادەیەک لە هەموو بوارەکان ئەم هاوئاهەنگییە تێك ئەدات ئەم بابەتە نەك تەنها کاروباری ناوخۆی وڵاتان ئەگرێتەوە بەڵکو بازرگانی دەرەکیش ئەگرێتەوە. بازرگانیی ئازاد باشترە لە بازرگانیی حکومی بۆ قازانجی هەموان، سیاسەتی بازاڕی ئازاد یارمەتییدەر ئەبێت بۆ گەیشتن بە لوتکەی سامانی گەلان(بایرس، ٢٠١٨، ٨).

فۆن هایك یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە ئەکرێت ئازادیی نەرێنیی لەبەشێکی زۆری هزرەکانییدا هەستی پێ بکەین، فۆن هایك «دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریی بۆ عەدالەتی دابەشکاریی بە پێچەوانەی بنەماکانی لیبراڵیزم زانیوە، بە شتێکی بێ ئاکامی داناوە« (بەشیریە، ٢٠١٢، ١٧٠).

بەپێی تێڕوانینەکانی فۆن هایك بەبێ ئازادیی، تاك سنووردار ئەبێت بەو ڕێگەو ڕێوشوێنانەی کە تەنها لە ڕێگەی حکومەت و دەسەڵاتەوە ڕێگەیان پێدراوە هەر لەبەرئەوەشە خەڵکی نا ئازاد مەودا و توانایان کەمترە لە خەڵکی ئازاد، کە ئەتوانن بگەڕێن و کردارەکانیان لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە بێت کە هەیانە لێرەوە تێ ئەگەین، کە مەبەستی هایك ئەوەیە کە سنووردارکردنی ئازادیی تاك ئەبێتە هۆی ئەوەی کەتوانا و لێهاتوەکانیان لەناوبرێت و تەنها لە چوارچێوەیەکی داخراودا بن و نەتوانن بەرەو پێشەوە بڕۆن و گەشە بکەن، هایك ئاماژەشی بەوەشداوە چاوەڕوانی ئەوە ئەکەین کە خەڵك بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان مامەڵە بکەن، مامەڵەکردنی خەڵك بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە کۆتاییدا سوودی ئەبێت بۆ هەموو تاکەکان(Boudreaux, ٢٠١٤, ٢٣).

هەروەها هایك جەختیشی لەسەر ئەوە کردووەتەوە ئەو کۆمەڵگانەی کە لەگەڵ ئازادیی ڕاهاتوون زەحمەتە ئامادەبن کە ئاسایش بە و نرخە زۆرەی کە هەیەتی قبووڵی بکەن(Hayek, ٢٠٠٦, ١٣٢)

هایك پێشی وایە «چەندێك زیاتر هەوڵ بدەین کە ئاسایشی تەواو بۆ بازاڕ دابین بکەین بە دەستوەردان لە سیستەمی بازاڕ ئەوەندە کاریگەری ئەبێت بە زیادبوونی نائارامی»(Hayek, ٢٠٠٦, ١٣٤). مەبەستی هاك لەم دەربڕینە ئەوەیە کە دەسەڵات بەهەر بیانوویەك بێت، تەنانەت بە بیانووی دابینکردنی ئاسایش دەست وەرنەدات لە کاروباری بازاڕ لەبەرئەوەی دەستوەردان لە کاروباری بازاڕ وا ئەکات کە نائارمیی درووست ببێت.

هایك لە تێڕوانینەکانی سەبارەت بە ئابووریی بازاڕ جەختیش لەوە ئەکاتەوە کە بەرهەمهێنەرەکان ئەیانەوێت کە ببن بە دەوڵەمەندترین بۆ ئەم مەبەستەش ئەبێت کە کێبرکێی یەکتریی بکەن، لەم پرۆسەیەشدا سەرکەوتووەکان دڵخۆش ئەبن و دۆڕاوەکان سزا ئەدرێن بە لە دەستدانی ئابوورییەکەیان و ئەم پرسەش ناوئەنێت سەروەری یاسا (rule of law) کە سیستەمێکی یاساییە کە بێلایەنە و بە یەکسانی بەسەر هەمووانـدا جێبەجێ ئەکرێت تەنانەت بەسەر کارمەندانی حوکومەتیشدا هەروەها ئەگەر هەموو کەسێك پابەندی ئەو ڕێسایانە بێت کەس ناتوانێت بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بهێنێت(Boudreaux, ٢٠١٤, ٢٣).

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین، کە هایك تێگەیشتووە کە پرسی ئازادیی و ئازادیی بازاڕ پێویستە بە بەردەوامیی نوێ بکرێتەوە دووبارە بونیاد بنرێتەوە، مەبەست لەم تێگەیشتنە ئەوەیە کە بەپێی بارودۆخ و پێشهاتەکان پرسی ئازادیی گۆڕانی بەسەردا دێت(Boudreaux, ٢٠١٤, ٧٠).

ئازادیــی نەرێنیــی بەشــێکی گرنگــی تێروانینــە هزریــەکانی بیرمەنــدانی لیبرالیزمــی کلاســیك پێــك دەیەنێــت و بــە درێــژای مێــژووی لیبرالیزمیــی کلاســیك مشــتومڕ و لێکدانــەوەی جیــاواز و تێگەیشــتنی جیاوازیــان هەیــە بــۆ ئــەم چەمکــە بەپێــی بیرمەنــدان و ئــەو بارودۆخــەی کەتیایــدا ژیــاون، بــەڵام بەشــێوەیەکی گشــتیی ئەکرێــت ئامــاژە بــەوە بدەیــن کــە چەمــکی (ئازادیــی نەرێنیــی) بەواتــای رەتکردنــەوە یــان رێگرییکــردنی حکومــەت دێــت لــە دەســتوەردان لەکاروبــارەکانی بــازاڕ و ژیــانی تاکــەکان ئەمــەش لەســەر ئــەو بنەمــای کــە لیبرالیــزم لەســەر بنەمــای تاکگــەرای ئــازاد درووســتبووە.

## باسی دووەم: چەمکی ئازادیی ئەرێنیی

تێروانینــی جیاوازمــان هەیــە ســەبارەت بــە چەمــکی (ئازادیــی ئەرێنیــی) کــە چەمکێــکی بنــەڕەتی هــزری رامیاریــی لیبرالیزمیــی نوێیــە، هەندێــك پێیــان وایــە کــە مەبەســت لــە ئازادیــی ئەرێنیــی ئەوەیــە کــە دەوڵــەت ئەبێــت بــە دەســتێوەردانی ئەرێنیــی ئــەو دەرفەتــە بــۆ تاکــەکانی کۆمەڵــگا بڕەخســێنێت تاوەکــو دەســتیان بــە ئازادیــی بــگات، هەڵبــەت لــە بۆچــوونی لیبراڵەکانــدا نابێــت ئاراسەیــەك بێــت کــە هەڵســوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیــان چییــەتی سیســتەم بگۆڕێــت، بەپێــی ئــەم تێروانینــە کاری دەوڵــەت پێشکەشــکردنی خۆشــبەختییە بــە تاکــەکان نیــە بەڵکــو تەنهــا درووســتکردن یــان پێکهێنــانی بارودۆخێکــە کــە تاکــەکان بتوانــن تیایــدا بــە لێوەشــاوەیی ولێهاتوویــی خۆیــان بــە دوای خۆشــبەتی خۆیانــدا بگەڕێن(پۆلادی، ٢٠٠٧، ١٠٥) ئــەم جــۆرە دەســتوەردانە دەســتوەردانێکی سنوورداره، بــەڵام بەپێــی تێروانینــی (ئایزایا بێرلیــن) واتــای (ئەرێنیــی) بــۆ وشــەی (ئازادیــی) لەســەر بنەمــای خواســتی (تاکــە) بەواتــای ئــەوەی کــە تــاك خــۆی گــەورەی خــۆی بێــت و ژیــان و بڕیــارەکانی لــە دەســتی خۆیــدا بێــت، نــەك هێزێــکی دەرەکیــی، بــە شــێوەیەکی تــر خــۆی بڕیــار لەســەر کارەکانی خــۆی بــدات نــەك کەســێکی تــر، ئەمــەش پەیوەنــدی هەیــە بــەوەی، کــە تــاك کەســێکی عەقڵانییــە و عەقــڵ لــە بوونــەوەرەکانی تــری جیائەکاتــەوە (بیرلــن، ٢٠١٥، ٢٤١)هــەر بەپێــی تێروانینــەکانی بێرلیــن لەبەرئــەوەی کــە تــاك کەســێکی عەقڵانییــە ویســتی ئــەوەی هەیــە کــە لەســەر پێــکانی خــۆی بوەســتێت دژی ئەوانــی تر(خەڵــك) ئەگــەر ویســتیان دەســتوەردان بکــەن لــە کاروبــارەکانی بۆیــە لــەم روانگــەوە خــۆ دســپلینکردن توخمێــکی ســەرەکییە لــەلای تــاك(Harrison and Boyd, ٢٠١٨, ٩٣ )

بۆئــەوەی بمانەوێــت بــە شــێوەیەکی زانســتیی لــە (ئازادیــی ئەرێنیــی) تــێ بگەیــن پێویســتە بگەڕێینــەوە بــۆ نووســینەکانی جــۆن ســتیوارت میــل٢* لەبەرئــەوەی نووســینەکانی بناغــە داڕێــژەری ئازادیــی ئەرێنییــە، بەپێــی هــزری رامیاریــی میــل بــە تەنهــا پاراســتنی تــاك لــە رەفتــارەکانی فەرمانڕەوا (خــاوەن دەســەڵات) لــە کۆمەڵــگادا بــەس نییــە بەڵکــو پێویســتە لــە هەســتی هاوبــەش و رای گشــتیی پارێــزراو بێــت، پارێــزراو بێــت لــە مەیلــی کۆمەڵــگا بــۆ ناچارکــردنی ئەوانــەی لەگــەڵ رای ئــەودا نیــن، تــا بــاوەڕەکانی پەســەند بکەن(میــڵ، ٢٠٢١، ٣٠-٣١) . میــل دانــانی سنوور بــۆ تاکــەکان و کۆمەڵــگا لــە پێنــاو پاراســتنی ئەوانــی تردایــە بۆئــەوەی کــە زیانیــان بەرنەکەوێــت، دەرئەنجامــی کــردەوەکانی ئــەوانی تــر یــان کۆمەڵــگا(Harrison and Boyd, ٢٠١٨, ٩٣).

کاتێــك کــە ئەڵێیــن دەســەڵات مــافی ئــەوەی هەیــە کاروبــارەکان رێــك بخــات ئەمــە واتــای ئــەوە نییــە کــە دەســەڵات شــتێکی

---

٢ * جــۆن ســتیوارت میــل یەکێکــە لــەو بیرمەندانــەی کــە مشــتومڕێکی زۆر هەیــە لەســەر ئایدیــاکانی ســەبارەت بــە (ئازادیــی) بەتایبــەت کتێبــە بەنــاو بانگەکــەی (لەبارەی ئازادییــەوە) هەرچەنــد ئــەوە یەکلاکراوەتــەوە کــە جــۆن ســتیوارت میــل بــە بناغــە داڕێــژەری هــزرەکانی ئازادیــی ئەرێنــی هەژمــار ئەکرێــت، بــەڵام مشــتومڕێکی زۆریــش هەیــە لــە ســەر ئــەوەی کــە ئەکرێــت ئازادیــی نەرێنییــش لــە هزرەکانیــدا لەهەمــان کاتــدا هەبێــت، ئایزایــا بێرلیــن یەکێکــە لەوانــەی کــە لێکدانــەوەی زۆری بــۆ ئەمــە کــردووە، بــۆ زیاتــر خوێندنــەوە لەســەر پەیوەنــدی نێــوان هــزری رامیاریــی بــە ئازادیــی ئەرێنیــی و نەرێنییــەوە بگەڕێــەوە بــۆ :

Habibi, Don A Negative ,(١٩٩٥), Liberty Distinction and J.S. Mill's Theory of Liberty, Archives for Philosophy of Law and Social Philosophy , Vol. ٨١, No. ٣, pp. ٣٤٧-٣٦٨.

نەگۆڕ و هەتاهەتایی بێت میل پێی وایە« گەل ئەتوانێت لێپرسینەوە لە فەرمانڕەوا بکات، هەرکات ویستی لەسەر تەخت لای ببات «(میل، ٢٠٢١، ٢٤) بۆ لابردنی خاوەن دەسەڵات میل یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە مافی شۆڕش و دژ وەستانەوەی بەگەل داوە «ناچارکردنی فەرمانڕەوا تا پەیمان بدا بە ناوی ئازادییەکانەوە چەند مافێکی سیاسیی بپارێزێت و دان بەوەدا بنێت پێشێلکردنیان لادانە لە سنوورەکانی ئەرکی فەرمانڕەوایی، ئەگەر فەرمانڕەوا ئەو سنوورانەی بەزاند، ئەوا خەڵك بۆی هەیە بەرەنگاری ببێتەوە، یاخود لێی راپەڕێت و یاخیی بێت»(میل، ٢٠٢١، ٢٤).

هەرچەندە ئایزایا بێرلین ئەو تێڕوانینەی جۆن ستیوارت میل کە جەختی لەسەر پاراستنی تاکەکان و سەربەخۆبوونیان و دەستوەرنەدان لە کاروباریان وا لێکدایەوە، کە لە ئازادیی نەرێنیە وە نزیك بێت لە ڕێڕەوی لیبراڵیزمی کلاسیکیی (Rodríguez And Muñiz, ٢٠٠٩, ٧٧) بەڵام میل جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەکرێت دەوڵەت دەستوەردان بکات لە هەندێك کاروباری تاکەکاندا، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش میل دوو جۆر رەفتار بۆ تاکەکان دیاری ئەکات(سەعید، ٢٠١٦):.

١- رەفتاری پەیوەست بە خود

٢- رەفتاری پەیوەست بە ئەوی تر

لێرەدا مەبەستی میل ئەوەیە کە ئەو رەفتارانەی کە پەیوەستن بەتاکەوە ئەوە (تاك) مافی رەهای لە ئازادیی و سەروەریی تەواوی هەیە بەڵام ئەو رەفتارانەی، کە پەیوەستن بە ئەوی تر؛ واتە جگە لە تاکەکە کاریگەریی لەسەر ئەوانی تر هەبوو ئەوە حوکومەت یان کۆمەڵگا شەرعیەتی ئەوەی هەیە کە دەستوەردان لە ئازادیی تاکدا بکات بۆ پاراستنی ئەوانی تر.

لە پاش جۆن ستیوارت میل تۆماس هیل گرین کە سەرچاوەی سەرەکیی زۆرێك لە داهێنراوەکانی بەرنامەی لیبراڵییە. یەکەمجار، بە شێوەیەکی رادیکاڵ ئازادیی نەرێنیی و ئازادیی ئەرێنیی لێك جیاکردەوە(ئودارد، ٢٠١٨، ٢٣).

(گرین) لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی (هیگڵیزم)دا بوو هەروەها یەکێك بوو لە دیارترین بیریارانی قوتابخانەی ئایدیالیستی یاخود (هیگڵیزمی نوێ) سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەش لە بنەماکانی رێبازی لیبراڵیزمدا روویاندا ئەم رۆڵی دیار و کاریگەریی هەبوو، گرین ئەو تێگەیشتنەی هیگڵی سەبارەت بە چەمکی کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ ئەکاتە بنەمایەك تا بڵێت: ( تاکە کەس کاتێك بوونی خۆی ئەسەلمێنێت کە رۆڵی لەناو کۆمەڵگادا هەبێت) لێرەشەوە ئەگاتە ئەوەی کە ئامانجی رێکخراوی سیاسیی ئەوەیە دەرفەت لە بەردەم هەموو تاکە کەسێکدا بکاتەوە بۆ ئەوەی تا شوێنی گونجاوی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی دا بدۆزێتەوە(ئیبراهیم، ٢٠٠٧، ٢٣٠).

هەروەها گرین رەخنەی فراوان لە رێبازی لیبڕالیزمی ئابووریی ئەگرێت و جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە بازاڕ دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە وەك هەموو ئەو دامەزراوانەی تر، پێویستە رێك بخرێت و یاسای بۆ دابنرێت تاوەکو بەجۆرێك کار بکات، کە بەرژەوەندی هەمووانی تیادا بێت نەك کەمینەیەك، گرین لە هەزری رەخنەی کۆمەڵایەتیی خۆیشیدا هەنگاوی دوورتری هەڵگرت و گەیشتە ئەو باوەڕەی، کە رەوایەتیی بداتە دەستوەردانی دەوڵەت، بۆیە ئەو بەمافی دەوڵەتی ئەزانێت، کە یاسا و رێنماییەکان لە بوارەکانی فێرکردن و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئازادیی تاك دابنرێت(ئودارد، ٢٠١٨، ٢٤).

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، کە گرین رەخنەی لە جۆن ستیوارت میل هەبووە؛ ئەوەی کە (میل) پێشکەشی کردووە زیاتر بەرەو پێشەوەی بردووە، گرین وەك جۆن ستیوارت میل پێی وا نەبوو ئازادیی تەنها بریتی

بێت لەوەی کە رێگە بە دەوڵەت نەدرێت دەست لە کاروباری تایبەتیی هاوڵاتیان وەربدات، ئەو ئەمە بە (ئازادیی نەگەتیڤ) وەسف ئەکات ئەمەش بە (ئازادیی پۆزەتیڤ) ئەگۆڕێت کە لای ئەو بریتییە لە بەدیهێنانی ئامانجێك بۆ مرۆڤ گرنگ بێت و کەڵکی هەبێت. بەم پێیە کۆمەڵگای لیبراڵیی ئەو کۆمەڵگایە کە ئەندامەکانی ئەتوانن بەشی زۆری ئامانجە رەواکانیان بێننەدی چ سوودێکی هەیە بە مرۆڤ بڵێین تۆ ئازادییت و پاشان هەڵوێستێکی تەواو سلبی لێ وەرگرین، لە کاتێکدا تێکڕای ئەو هەل و مەرجەی کە لە ئارادایە ئەبن بە رێگر لەبەردەم ئەوەی لەو ئازادییە بەهرەمەند بێت. لەبری ئەمە پێویستە کۆمەڵگا هەلومەرجی لەبار بڕەخسێنێت تا ئازادیی مانایەکی راستەقینەی هەبێت(ئیبراهیم، ٢٠٠٧، ٢٣٠-٢٣١).

(گرین) ئەو بۆچوونە کۆنەی رێبازی لیبرالیزمی سڕیەوە کە پێی وابوو دەوڵەت بۆی هەیە دەست وەربداتە بواری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی، بەڵام بۆی نییە لە بواری ئابوورییدا ئەو کارە بکات ئەم دێت دەستکاری ئەم تێزە ئەکات و دەستێوەردانی دەوڵەت لە هەر بوارێکدا بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئازادیی ئەرێنیی بۆ ئەندامانی کۆمەڵگا، بەکارێکی گونجاو دەزانێت ئەمەش هاتنە ئارای دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی٣* لێکەوتەوە(ئیبراهیم، ٢٠٠٧، ٢٣١).

ئەکرێت بۆ ئازادیی ئەرێنیی لێکدانەوەی جیاوازمان هەبێت چەمکی ئازادیی ئەرێنیی بەلای هەندێکەوە ببێت بە هۆی ئەوەی کە تاکەکان خۆیان بە گەورە ببینن، چونکە لێرەدا تاك بە سەنتەر وەرگیراوە وەك لە تێروانینی بێرلین خستمانەڕوو، لە هەمان کاتدا ئەکرێت ئاماژەبەوەش بدەین کە ئەم جۆرە لە ئازادیی یارمەتی تاکەکان ئەدات بۆئەوەی، کە ببنە داهێنەر و خۆیان بەرپرسیاری رەفتارەکانیان بزانن وبەرپرسیارێتی هەڵەکانیشیان هەڵگرن.

## دەرئەنجام

لەپاش خستنەڕووی چەمکی لیبراڵیزم و چەمکی ئازادیی بە شێوەیەکی گشتیی و شیکارییکردن بۆ هەریەکە لە چەمکەکانی ئازادیی ئەرێنیی و ئازادیی نەرێنیی لەم توێژینەوەدا گەشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١- ئازادیی تاك مافێکی سرووشتیی هەموو کەسێکە و بنەمایەکی سەرەکیی لیبراڵییە، بیریارانی رێبازی لیبراڵیزم بە سەرجەم قوتابخانە و رەهەندەکانییەوە گرنگییان بەم چەمکە داوە چونکە ئەمە کرۆکی هزری رامیاریی لیبراڵیزمە.

٢- چەمکی ئازادیی یەکێکە لەو چەمکە فراوانەی کە ئەکرێت لە دیدگاو رەهەندی جیاوازەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت و بخرێتەڕوو.

٣- ئازادیی ئەرێنیی و ئازادیی نەرێنیی دوو بابەتی گرنگن لەهزری رامیاریی لیبراڵییدا کە بایەخ و گرنگی زۆریان پێدراوە.

٤- ئازادیی نەرێنیی هاوتەریبە لەگەڵ دیدگای رێبازی لیبرالیزمی کلاسیکیی کە باوەڕیان بە ئازادیی ئابووریی هەیە و پێیان وایە یارمەتیدەرەوە بۆ گەشەسەندن و زیادبوونی بەرهەمی نەتەوەی نەتەوەکان.

٥- ئازادیی ئەرێنیی هاوتەریبە لەگەڵ هزری رامیاری رێبازی لیبرالیزمی نوێ کە دەستێوەردانی حکومەتی لە کاروبارەکاندا دەوستوەردانێکی سنووردارە لە پێناو فەراهەم کردنی ئازادییدایە بۆیە بە کارێکی پەسەند دائەنرێت.

٦- لیبراڵیزم کاریگەری هەبووە لەسەر کرانەوەی عەقڵ و بەرەو پێشچوونی مرۆڤ و شکستپێهینان بە دەسەڵاتی رەها لە ئەورووپادا.

٣ * مەبەست لە دەوڵەتی خۆشگوزەران» واتە سیستەمێکی سیاسی کە دەوڵەت بەرپرسە لە پشتگیریی و پێشکەوتنی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی وڵاتەکەی ئەزانێت .دەوڵەتی خۆشگوزەران تێیدا ئاسایشی سیاسیی، ئازادیی، تەندرووستیی و کۆمەڵایەتیی پارێزراوە، حکومەت بەرپرسیارە و هەڵدەستێ بە دابینکردنی پێداویستیەکان و ئەرک و بەرپرسیارێتیی ئەگرێتە ئەستۆ..» بۆ زیاتر زانیاریی لەسەر ئەم چەمکە بڕوانە: سدیق، شوان، (٢٠٢٣)، دەوڵەتی خۆشگوزەران چییە، بەرواری سەردان ٢٠٢٤/٩/١٩: ماڵپەری ئاوێنە، بەردەستە لەسەر بەستەری: https: //www.awene.com/article?no=٢٠٥٩١&auther=٢٧١٢

## Abstract

Negative and positive freedom have always been the subject of discussion and interpretation by researchers and thinkers, as two important concepts in liberal political thought, which first emerged as an intellectual movement in Europe.This study attempts to answer the question of what negative and positive freedom is in liberal political thought. At the same time, an attempt has been made to answer this question by explaining negative and positive freedom and comparing them. In this context, the concept of freedom, which has different forms and manifestations, has been presented. Liberalism has been interpreted as an intellectual movement that has been constantly improving and renewing itself, from many different perspectives.It is not an easy task to work on the concept of freedom in liberal political thought because on the one hand there are many views and on the other hand the comparison between the concept of positive and negative freedom requires deep analysis , seen descriptive and comparative, In this study, we have concluded that positive freedom and negative freedom as two important elements in liberal political thought are each parallel to some kind of liberalism. Negative freedom is parallel to classical liberalism, but positive freedom is parallel to neo-liberalism.

**Keywords: freedom, liberalism. Positive freedom, negative freedom**

## لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

فەرهەنگ:

محەمەدی، زاهیر، حاجی زادە، یاسین ، (١٩٩٩)، فەرهەنگی سیاسی ئارەش، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

موکریانی، گیو، (١٩٩٩)، فەرهەنگی کوردستان،چ٢، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

کتێب:

بەشیرییە، حوسێن، (٢٠١٢)، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم(بەرگی دووەم لیبراڵیزم و کۆنسەرڤاتیزم)، و:ناسر ئیبراهیم زادە، چ١، هەولێر: خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

حەسەن، سەمیر ئیبراهیم، (٢٠١٢)، دیموکراسی ئازادی تاك و كۆمەڵگا، سلێمانی: دەزگای واڵا.

عەلی، فەیسەڵ، (٢٠٢٠)، دەیڤد ریکاردۆ تێڕوانینە ئابوورییەکانی لەمەڕ ئابووریی بازاڕ، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان: چاپخانەی تاران.

مەنتیك، كامەران، (٢٠٠٥)، ئازادی لەنێوان فەلسەفە و یاسادا توێژینەوەیەکە لە فەلسەفەی یاسا و سیاسەت، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

## کتێبی وەرگێڕدراو بۆ زمانی کوردی:

ئودارد، کاترین ، وەرگێڕانی : محەمەد ،(٢٠١٨)، هاوار و ئەوانی تر لیبرالیزم و نیۆلیبراڵیزم ، سلێمانی، دەزگای ئایدیا :

چاپخانـەی حەمـدی.

ئیبراهیم، موسا ، وەرگێڕانی : ئەحمەد، شوان، فکری سیاسی خۆرئاوا، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

بایرس، تیرینس، وەرگێڕانی: ئەفشین، ئاگری، (٢٠١٨)، ئادەم سمس، ماڵتۆس، مارکس، ، زنجیرەی مێژوو بۆ لاوان.

بۆبیـۆ، نۆربێرتـۆ، وەرگێڕانـی: مستەفا، ڕێـاز، (٢٠١١)، لیبراڵیـزم و دیموکراسـی، ، سـەنتەری لێکۆڵینـەوە و فکـری و ئەدەبـی نما، چ٢، سـلێمانی : چاپخانـەی شـەهاب.

بێرلیـن، ئایزایـا، (٢٠١٦)، ئـازادی و خیانـەت لـە ئـازادی شـەش دوژمنـی ئـازادی مـرۆڤ، دەزگای ئایدیـا بـۆ فکـر و لێکۆڵینـەوە، سـلێمانی : چاپخانـەی حەمـدی، سـلێمانی.

بەشـیریە، حسـەین ، وەرگێڕانـی: موحەمـەدزادە، حسـین، دیموکراسـی بـۆ هەمـووان، هەولێـر: چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە.

پۆلادی، کەمـال ، وەرگێڕانـی: خونـدل، مەهـدی،(٢٠٠٧)، مێـژووی ئەندێشـەی سیاسـی لـە ڕۆژئـاوا، بەرگـی سـێیەم، هەولێـر : چاپخانـەی منـارە.

زەکەریـا، فـواد ، وەرگێڕانـی: لەتیـف، حسـین، تیـۆری ئـاکار لـە لای سـپیونزا وەرگیـراوە لـە کتێبـی کۆمەڵێـك نوسـەر، (٢٠٠٧)، سـلێمانی : دەزگای ئایدیـا.

میـل، جـۆن سـتیوارت، وەرگێرانـی: چیـا، محەمـەد، (٢٠٠٨)، بنەماکانـی لیبراڵیزمـی سیاسـی، سـلێمانی : مەکتەبـی ڕێکخـراوە دیموکراتیـەکان(ی.ن.ك).

میـڵ، جـۆن سـتیوارت، وەرگێڕانـی: سـوڵتان، (٢٠٢١)، ئـاوات ئەحمـەد، لەبـارەی ئازادییـەوە، چ١، ناوەنـدی غەزەلنـوس بـۆ چـاپ و بـڵاو کردنـەوە : چاپخانـەی تـاران.

وزنـە، کامـل ، وەرگێڕانـی: عەلـی، فەیسـەڵ، (٢٠٢٠)، ئـادەم سـمس خوێندنەوەیەکـی ئابـوری بـازاڕ، دەزگای ڕۆشـنبیری جەمـا عیرفـان : چاپخانـەی تـاران.

گۆڤار:

سـیانی، ئێسـتێڤانۆ پـترۆ، وەرگێڕانی:فەرەجـی، ئـەردەڵان (٢٠٠٤)، سـێ چەمـك دەربـارەی ئازادیـی (لیبراڵـن دیموکراتیـك، سۆسیالسـتی)، سـلێمانی، گۆڤـاری نوێبـوون، ژمـارە(٩).

محەمـەد، نەبـەز، (٢٠٢١)، ئێزایـا بێرلیـن و ئـازادی خوێندنەوەیەکـی سۆسـیۆ لۆژیانـە بـۆ ئایدیۆلۆژیـای کوشـتار، گۆڤـاری ئایدیـا والا، ژمـارە (٣٦)، سـاڵی نۆیـەم.

محەمەدی، مەجید ، وەرگێرانی: مەعروفی، عەلی،(١٩٩٨)، لیبراڵیزم، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە٩، ساڵی دووەم.

ماڵپەڕ:

جەمـال، نـەوزاد ، ئـازادی و بەرپرسـیارێت لەدیـدی (هێـر بێـرت مارکـۆز)ەدا، ماڵپـەری ئەکادیمیـا، بـەرواری سـەردان ٢٠٢٤/٥/١، بەردەسـتە لەسـە ربەسـتەری٣uFYIgV/https://bit.ly.

سـدیق، شـوان، (٢٠٢٣)، دەوڵەتـی خۆشـگوزەران چییـە، بـەرواری سـەردان ٢٠٢٤/٩/١٩: ماڵپـەری ئاوێنـە، بەردەسـتە لەسـەر بەسـتەری : ٢٧١٢=auther&٢٠٥٩١=https://www.awene.com/article?no

سـەعید، سـتەم کامیـل ،(٢٠١٦)، چەمکـی ئـازادی لای جۆنسـتیوارت میـل لـە کۆنتێکسـتی کۆمەڵگـەی کوردیـدا، ناوەنـدی میلـەت بـۆ توێژینـەوە، بـەرواری سـەردان ٢٠٢٤/٥/٢٠، بەردەسـتە لەسـەر بەسـتەری: ٣oWHJF١/https://bit.ly

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

### فەرهەنگ:

الجاسر، ناظم عبدالواجد، (٢٠٠٤)، موسوعة علو السياسة، ط١، بغداد: مركز الدراسات الدولية-جامعة دار مجدلاوی للنشر والتوزيع.

رؤبیرتس، جیۆفر، ئیدواردس، ئلیستار ، ترجمة: الجلبی، سمير عبدالرحيم، (١٩٩٩)، القاموس الحديث للتحليل السياسی، ط١، بيروت : الدار العربية للموسوعا.

### کتێب :

السلمي، عبدالرحيم بن صمايل، (٢٠٠٠)، الليبرالية نشأتها ومجالاتها: مكتبة السلفيون.

عثمان، تارا طه، (٢٠١٣)، النظرية الليبرالية والعلاقات الدولية، السليمانية : مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية.

کتێبی وەگێردراو بۆسەر زمانی عەرەبی:

بيرلين، ايزايا، الحرية : منشورات دار الكتاب.

زرشناس، شهريار ، ترجمة: الصراف، حسن، الليبرالية، ، ط١ : لمركز الإسلامي للدراسات الاستراتيجية.

هارفی، ديفد ، ترجمة: الامام، معين ،(٢٠٠٨)، الليبرالية الجديدة موجز تاريخي، السعودية : مكتبة العبيكان.

### گۆڤار:

بن عائش، خالد ، (٢٠١٦)، الاتجاه الليبرالي في المملكة العربية السعودية: دراسة نقدية في مقرر مذاهب فكرية معاصرة، مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر، العدد( ١٦٩ )، الجزء الثاني.

کۆنفرانسی زانستیی:

حنفی، حسن ،(٢٠٠٩)، حرية ام تحرر؟، فی كتاب فلسفة الحرية، اعمال الندوة الفلسفية السابعة عشرة التی نظمتها الجمعية الفلسفية المصرية بجامعة القاهرة، ط١، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

### فەرهەنگ:

Collin, P.H., (2004), DICTIONARY OF POLITICS AND GOVERNMENT, Third edition, London: Bloomsbury Publishing Plc.

Freeman, Samuel,( 2017), Liberalism, Oxford Research Encyclopedia of Politics, Oxford :University of Oxford.

کتێب:

Boudreaux, Donald J, (2014), The Essential Hayek, Canada: Fraser Institute.

Butler, Eamonn, (2015), Classical Liberalism – A Primer, UK: The Institute of Economic Affairs.

Harrison، Kevin and Boyd, Tony , Freedom,(2018) Understanding political ideas and movements A guide for A2 politics students, uk : Manchester University Press.

Hayek, F. A, (2006), The Road to Serfdom, UK :published by Routledge.

Heywood, Andrew, (2003), Political Ideologies An Introduction, 3rd edition, UK.

James,Otteson: (2018), The Essential Adam Smith, Canada: Fraser Institute.

## گۆڤار:

Dai, Jianzhong,(2009), Discussing on Relationship between Freedom and Authority Comments on the History of Liberalism and John Stuart Mill's, Asian Social Science, Vol. 5, No. 8.

Habibi, Don A.,(1995), Negative Liberty Distinction and J.S. Mill's Theory of Liberty, Archives for Philosophy of Law and Social Philosophy , Vol. 81, No. 3.

Rodríguez, Joaquín And Muñiz, Toubes, FREEDOM OF EXPRESSION FROM THE STANDPOINT OF J. S. MILL'S ON LIBERTY, (2009), Revista Iberoamericana De Estudios Utilitaristas, Vol. XVI/2.

## توێژینەوە:

Charvet, John and Kaczynska-Nay, Elisa, (2008), Introduction: what is liberalism?, The Liberal Project and Human Rights The Theory and Practice of a New World Order : Cambridge University Press.

Frankel, Jeffrey,(2015), Liberalism, USA : Harvard University.

## ماڵپەڕ:

Chanley, Jesse and Chanley, Sharon, (2015), What does Freedom Mean?, researchgate, Date of visit: 102024/5/, Avilabile on:

https://www.researchgate.net/publication/278019802_What_does_Freedom_Mean.

The Bush Institute, Freedom Matters WHAT IS FREEDOM?, Gorge w. Bush Presidential center ,Date of Visit 12024/5/ Available on: http://www.freedomcollection.org/news/wp-content/uploads/201503//U1L1_Complete_32615.pdf.